# هەفتەی گومان

نەوزاد عەلی ئەحمەد- سوید
Nawzad.ali@hotmail.com

1
لە وڵاتە دیموکراتەکاندا سەرۆکو وەزیرو دەسەڵاتداران دەسەڵاتی رەهایان نیەو بە گوێرەی دەستوورو یاسا دارێژراوەکانی وڵات سیاسەت دەکەنو کاروبارەکان رایی‌و جێبەجێ دەکەن،ئەمریکاش خاوەنی جۆرە سیستەمێکی دیموکراتی‌یە کە زۆرجار بیریارانو رۆژنامەنووسان بە مۆدێلی دیموکراتی ئەمریکی ناوزەدی دەکەن، ئەمەش بەو واتایە ئاوێزان دەکەم کە جۆرج دەبلیو بۆش دارێژەری سیاسەتی رۆژی ئەمریکا نیە بەڵکو جێبەجێکەری ئەو پرۆژەو بەرنامەو پلانو پرانسیپو دیسپلینانەیە کە گروپەکانی کارو راوێژکاران رۆژانە یاخود مانگانە دایدەرێژن.
هەفتەی رابردوو بۆشی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرەقەڵەمەکانی پلانی نوێی ئەمریکای بۆ عیراق راگەیاند،کە زیاتر تەئکید کردنەوە بوو بۆ باش کردنی باری ئاسایشو ئاوەدانی‌و گوزەرانی خەڵک، جارێکیتر ئەمریکا کوردو هەرێمی کوردستانی فەرامۆش کردو نەیخستە رستەوە،ئەمە بەڵگەیەکی‌ترە تا سەرکردایەتی کورد سیاسەتی تەشریفاتی‌و سیاسەتی پرۆتۆکۆلی لە یەکتر جیابکاتەوە.
2
ئیدارەکردنی وڵات بە زاکیرەو جەستەی شیعەی عیراق شتێکی نامۆیە،رەنگە لە زەمەنێکی کورتدا وەک تاک دەسەڵاتێکی سنووردارایان هەبووبێت ،بەڵام من نەمزانیوە لە هیچ سەردەمێکدا لە عیراق وەک ئەمرۆ لە پێگەکانی دەسەڵاتدا زۆرینە بووبن،هەر بۆیە دەبینین سیاسەتوانێکی هونەرمەندی فاشیلن،ئیدارەو سیاسەت هەم رێکخستنە هەم هونەرە،ئەمەو بێجگە لە ئەزموونو پسپۆری‌و شارەزایی،لەم روانگەیەوە من کابینەکەی مالکی کە دیارە زیاتر مەبەستم لە خودی مالکی‌یە بە کابینەی موفارەقاتو موئامەرات ناو دەبەم،بۆ نموونە هەفتەی رابردوو سەرۆک کۆماری عیراق بۆ نۆژەنکردنەوەی پەیوەندییەکانی عیراق لەگەڵ سوریا سەردانی وڵاتی ناوبراوی کرد، دۆستایەتی‌و هاوپەیمانی سوریا بۆ ئەمرۆی عیراق هێورکردنەوەو ئاگربەستی بەرەیەکی گەرمی شەرە،بێدەنگکردنی بەرەی ناوبراویش پێویستی بە سیاسەتی پشوودرێژی‌و رایەڵکردنەوەی هێڵەکان هەیە،پێش هەموو شتێک پێویستە سیاسەتی ئیستیفزاز ئەرشیف بکرێت،بەڵام دەبینین لە کاتێکدا تاڵەبانی لە بەرەی سوریا لەسەر مێزی گفتوگۆ دانیشتووە،مالیکی، بەرزان تکریتی‌و عەواد بەندەر لە سێدارە دەدات،ئەگەر ئەمە موئامەرە نەبێت دژی جەولەی سەختی گفتوگۆی سەرۆک کۆمار لەگەڵ وڵاتێکی سەرسەختی نەتەوەپەرستی عەرەبی(سوریا) ئەی چییە؟ یاخود جۆرێکە لە سیاسەتە فاشیلە یەک لە دوای یەکەکانی مالیکی، بۆ نموونە ئایانەدەکرا بەرزانو عەواد پێش یان دوای سەردانەکەی سەرۆک کۆمار لە سێدارە بدرێن.
3
هەفتەی رابردوو ئەمریکا نووسینگەی پەیوەندییەکانی جمهوری ئیسلامی ئێرانی لە هەولێر پێچایەوە،کورد هاواری لێ هەڵسا کە بۆ پرسی پێ نەکراوە! ئەز دەپرسم ئەرێ ئایا ئەمریکا لە رێگای چ یاساو دەستوورێک پێویستە پرس بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات؟ حکومەتی هەرێمی کوردستانو ئەمریکاو دەستووری ئەمرۆی عیراق سێ هێڵی تەریبن ناگەن بە یەک،گوتاری رێزو هاوپەیمانێتی زارەکی لە نێوان سەرکردایەتی کوردو چەند سیاسەتمەدارێکی ئەمریکی لە رێزی میوانو خانەخوێ دەچێت، بەڵام ئەو رێزە لە لایەن باڵی میلیتاری ئەمریکی کە کاوبۆیانە خۆی دەنوێنێت زۆر کاڵە.
وەک دەزانرێت بە گوێرەی بریارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمریکا وڵاتێکی داگیرکەرە لە عیراقدا، حکومەتی عیراقیش ساڵانە لە رێگای ئەنجومەنی نوێنەرانو حکومەتدا داوادەکات کە مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عیراقدا تازە بکرێتەوە،ئەمریکاش هێزێکی سەرەکییە لە هێزی هاوپەیمانانندا،کەواتە

حکومەتی عیراقی شەرعیەتی بەردەوامی مانەوە بە هێزی داگیرکەر دەدات، هێزی داگیرکەریش تەنیا سەنتەری بڕیاردەری خۆی دەناسێت نەک شتیتر، لە بڕیارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هیچ تایبەتمەندییک بۆ هەرێمی کوردستان باسنەکراوە، کەواتە تەنیا دەتوانین بڵێین کە ئەمریکیەکان لە هەڵمەتی هەفتەی رابردوویاندا بۆ سەر نووسینگەی ئیرانییەکان لە هەولێر بێ رێز بوون بەرانبەر بە خانەخوێیەکەیان کە سەرکردایەتی کوردە!

4

کوردستان دراوسێی دوو نەتەوەپەرستیی توندڕەوە کە عەرەبو تورکن، بۆ ئیران دەتوانرێت لەسەر چەمکی ئێرانچێتی پۆلێن بکرێت، لێکدانەوەی ئەو دوو زاراوەیە لەم وتارەدا رووبەری قسە لێکردنی بۆ تەرخان نەکراوە، چونکە ئێمە تەنیا لەسەر دوا لێدوانە هێستریا ئاساکانی دەسەڵاتدارانی تورکیا دەوەستین، حکومەتی ئەردۆغان لەسەر دوو سیفات بەرژەوەندییەکانی وڵات بەڕێوە دەبات کە ئەمانەن؛ کەمالیزم، ئیسلامگەرا، کە وەک دەزانرێت ئەو دوو سیفاتە تا بە ئەمڕۆش دەگات بەشێکن لە نەتەوەپەرستێتیو توندو تیژی، ئەگەرنا دوا لێدوانە ناسیاسیو ناواقیعیەکانی ئەردۆغان ئەگەر لە نەتەوەپەرستێتیو ئیسلامێتی تونڕەو سەرچاوەیان نەگرتبێت چییە؟ کە ئەو پیاوە دەستێوەردان لە کێشەی کەرکوک بە گرنگتر دەزانێت لە چوونی وڵاتەکەی بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا!

لە ساڵی 1987- ەوە تا ساڵی 1999 تورکیا چەندان جار بە قووڵایی سەدان کیلۆمەتر هاتۆتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە بە گوێرەی هەندێک سەرچاوە ئەوە زیاتر لە 12 ساڵە لە ناوچە سنوورییەکان رەبیەو سەربازگەی بچووکی لە ناو خاکی هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەڵام ئەمجارە تورکیا هەڕەشە لە سنووری پارێزگای کەرکووک دەکات، ئەگەر تورکیا رێگای پێ بدرێتو دەست لە کێشەی کەرکووک وەربدات، واتە ئەمریکا گڵۆپی سەوزی بۆ داگیرساندووە، کە ئەمەش بۆ کوردو دەسەڵاتدارانی کوردستان دەبێتە جێگای گومان، بەڵام پێویستە ئەوە بزانرێت زۆر ئاساییە لە سەروبەندی سیاسەتی شکستخواردوویدا لە عیراق ئەمریکا پەنا بۆ سازشیش ببات، بۆ نموونە لە رۆژانی رابردوودا چەند فرۆکەیەکی جەنگی ئەمریکی بۆ یەکەمجار دوای چەندان ساڵ لە ئینجەرلیک نیشتنەوە، ئەگەر ئەم چالاکییە دووبارەو چەند بارە ببێتەوە پێویستە سەرکردایەتی کورد حیساب بۆ بوونی سازشێک بکات.

18/1/2007